نەپارێزمو تەقە لە فیلەکە بکەم . بەلام ؛ۆرجاریش لەگەڵ خۆمدا لێکم دەدایەوەو دەمپرسی :

تۆبڵێ یەکێك لەوان هەستی بەوە کردبێ کە من تەنها لەبەر ئەوە فیلەکەم کوشت تا لەبەر چاوی ئەو خەڵکە گێلو نەفام دەرنەچمو نەبمە مایەی پێکەنینو لاقرتێ .

١٩٣٦

پەراوێز :—

(١) «کوشتنی فیلێك» یەکێکە لەو نووسینە نازدارانەی - جۆرج ئۆروێل -ی ڕۆماننووس . بەلام لە هەندێ کتێبدا وەك چیرۆك حیسابی بۆ کراوەو لە هەندێ کتێبی دیکەشدا وەك یاداشتێکی ڕاستەقینەی ژیانی - ئۆروێل - تۆمارکراوە . لە هەردوو حاڵەتدا . ئەم نووسینە نرخو بایەخی گەورەی لەوەدایە کە -ئۆروێل- بەتەواوی چاوی لەو ڕاستی‌یە بکاتەوە کە ئیمپریالیزم تەنها وشەیەك نی‌یە . بەڵکو ئەهریمەنێکی ڕەشەو بێ ئەوەی ئاگات لە خۆت بێ دەتخاتە پاڵ بەرەی چەوسێنەران . هەڵبەتە نووسەر لەتاو هەژاریو وەرنەگیرانی لە دانیشگا هەمان ڕێرەوی باوکی هەڵبژاردو پەیوەندی بە هێزی پۆلیسی ئینگلیزیەوە کردو لە وڵاتی - بورما بوو بە ئەفسەری سەرپەرشتیاری کاروباری ئیمپراتۆریەتی - بریتانیا—و لەوێ بەچاوی خۆی زۆر ستەمو زۆرداری‌ی دی . . بۆیە نەیتوانی بەردەوام بێو ڕق لە ئیمپریالیزم هەڵگرتو لە ساڵی (١٩٢٨)دا وازی لەم پیشەیە هێنا . هەر ئەوەشیان بوو بە هەوێنی یەکەم ڕۆمانی کە لەژێر ناوی - ڕۆژانی بورما —دا بلاوبۆوە . .

ئەوەتا هەر خۆی لە وتاری- بۆ دەنووسم[٥] — دا دەڵێ — «یەکەمجار بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە —بورما—دا خەریکی کارێکی زۆر نابەجێ بووم کە سەر بە ڕاپەڕاندنی کاروباری (پۆلیسی ئیمپراتۆریەتی هیند)ی بوو . . هەر ئەوسا زۆرم تاڵاوی کەساسیو هەژاری تۆشی هەستم بە نوشوستیو هەرەسو ڕووخانو کەوتن کرد . ئەوەیان وای لی‌کردم چاکتر شارەزای سروشتی ئیمپریالیزم بم .» هەموو جارێکیش ئەمەی دووپات دەکردەوە : «بۆ ئەوەی قینت لە ئیمپریالیزم بێتەوە : دەبێ بەشێك بیت لەو سیستەمەی کە ڕایگرتووە .»

لە کۆتاییدا با ئەوەمان لەبیر نەچێ کە (کوشتنی فیلێك) ڕاپۆرتێکی ئاسایی نی‌یە . پێش هەموو شتێ کارێکی ئەدەبی ناسکەو - ئۆروێل - لەژیانی ڕاستەقینەو پڕ ئەشکەنجەی خۆی دەدوێ . . هەر ئەم ڕووداوە سەیرو ساکارە وای لە (ئۆروێل) کرد هەست بکا بۆتە مرۆڤێکی نامێردئاسا ، بۆتە مەقاشی دەستی ئیمپریالیزم . . ئەوە بوو بۆ دواجار لەو سیستمە گەندەڵە هەڵگەڕایەوەو تاجو ئەستێرەکانی سەر شانو بەخەی خۆی داماڵی . !

(٢) — مۆلماین :— شارێکە کەوتۆتە خواررووی -بورما -و سەر دەریای - ئاندمان

(٣) — بورما — وڵاتێکە کەوتۆتە خواررووی (چین) ، سنووریشی : لەڕۆژهەڵاتەوە وڵاتی (سیام)ەو لە ڕۆژئاواوە (ئاسام)و (بەنگلادش)ە .

(٤) — بیتڵ — گەڵای جۆرە ڕووەکێکە خەڵکانی (بورما) وەك بنێشت دەیجوون .

(٥) — بۆ ژیانی — جۆرج ئۆروێل - یش بڕوانە گۆڤاری (کاروان) ژمارە (٣٤) کە لەگەڵ نووسینێکی ئەم نووسەرە لەژێر ناوی -بۆ دەنووسم -دا بلاوم کردۆتەوە .

لە کتێبی
A Collection of Essays by Geory Orwell
Auther of Nineteen Eighty — Four Harbrace Paperbound Library Inc . New — York, Copyright (1946)
لاپەرە 148 - 156

Mademoiselle Fifi

باکوری

لە ئینگلیزی‌یەوە وەریگێڕاوە

هێشتا مێجەر کۆنت ڤۆن فارلسبرگ ، فەرماندەی پرووسی لە خوێندنەوەی نامەکانی نەبووبووەوە لەکاتێکا کە لەنێو پالپشتەکەی‌دا ڕاکشابوو ، هەردوو قاچەکانیشی بەجزمە سەرباری‌یە قورسەکانی‌یەوە لەسەر ڕۆخی ئاگردانە مەرمەڕی‌یەکە دادانابوونو ، بەرکێفە تیژەکانی دوو چاڵی گەورەی تی‌کردبووو ، ڕۆژبەڕۆژ گەورەتریش دەبوون . لەماوەی ئەو سێ مانگەی کەوا خۆیو کۆمەڵە سەربازەکانی هاتنە شارۆچکەی «یوڤیل»ی فەرەنسایی‌و داگیریان کردو لەکۆشکی فەرمان ڕەوایی‌یەکەی شار لی‌یان خستو نیشتەجێ‌بوون .

لەو لایشەوە فنجانێ قاوە لەسەر مێزێکی بەنرخو بەها دانرابووو ، هەڵمی لێ هەڵ‌دەستا ، مێزەکە سەرتاپا لەکەی ژنگاویو پیسی پیوەبوو ، چونکە خواردنو خواردنەوەو تورشی و ڕۆنێکی زۆری بەسەردا ڕژابوو ، گەلێ جێگەشی بەئاگری جگەرە سووتێنرابوونو ، بە قەڵەم تراشیش لێرەو لەوێ ڕەسمو پیتو هێڵی جۆراوجۆر لەلایەن ئەفسەرە سەرکەوتووەکەوە هەڵ‌کەندرابوون !

کە فەرماندەکە لە خوێندنی نامەکان بووەوە چاوێکی بە ڕۆژنامە ئەڵەمانیەکان‌دا گێڕاو چەند لقە دارێکی تەڕی خستە نێو ئاگردانەکە ، ئەو دارانەی کە لە درەختەکانی باخچەی دەوروبەری کۆشکەکە بڕابوونو شکێنرابوون ، لەوکاتەوە کا گەیشتبوونە ئەوێ ، لەپڕ هەستایە سەرپێو بەرەو پەنجەرەکا ڕۆیشت ، لە دەرەوەیش باران بەگوڕ دەهاتە خوارەوە ، ئە جۆرە بارانەیش جگە لە دەورو بەری زێی «ڕۆن» نەبێ

مادموازێل فیفی

نابینرێ .

ئەفسەرەکە بۆ ماوەیەکی درێژ لەپێش پەنجەرەکەوە وەستاو چاوی بڕیبوە ئەو گۆرەپانەی کە لە بەردەم کۆشکەو سەرا کەوەبوو ، هەروەها ئەو دەشتو چیمەنە پانەی دوای گۆرەپانەکە ، بە پەنجەکانیشی هێدی هێدی لەسەر جامی پەنجەرەکە ئاوازێکی ڤالسی‌ی لێ دەدا کە لە هەرێمی «راین»دا باوبوو ، لەناکاو لەپشتیەوە دەنگی ئەفسەرە یاریدەدەرەکەی ، بارۆن ڤۆن کێلونیشتاین ، رایچڵەکاندو هۆشی وەبەر هێنایەوە . . بارۆن ئێستا کە کاپتنە !

مێجەر پیاوێکی کەلەگەتو چوارشانە بوو ، ریشێکی درێژی هەبوو هەر لە پەری پانکەی دەکرد ، بەجۆرێ بەسەر سینگی‌دا بلاوببووەوە وەك ملوانکەی منالێ خۆی دەنواند ، بەشێوە هەر لە تاووس دەچوو ، بەلام کلکی لەژێر چەناگەیەوە بوو ! خاوەن دوو چاوی شینبوو ، لایەکی روومەتی لەشەری نەمسا زامدار بووبوو ، وەك دەگێرنەوە ئەفسەرێکی ئازاو بلیمەتبوو ، هەرچی کاپتنەکەبوو کابرایەکی کورتیلەی دەمو چاو سوورکەلەی وورگن بوو ، قژە کورتە گرنج‌گرنجەکەی بەپێستی سەری‌یەوە نووسابوو ، لەبەر رووناکایی گڵۆبەکان دەتگوت بەفسفۆر سواغ کراوە ، دوو ددانی پێشەوەی کەوتبوون بۆیە بەچاکی قسەی بۆ نەدەکراو ، خەڵك بەدەگمەن لێ‌ی حاڵی دەبوون .

قوماندانەکە تۆقەی لەگەڵ داکردو ئینجا دەستی بۆ قاوەکەی برد ، کە شەشەمین فنجان بوو لە بەیانی‌یەوە بۆی هاتبوو ، ئەوەی تیایدا مابووەوە خواردی‌یەوە ، لە هەمان کاتیشدا گوێ‌ی بۆ کاپتن شل‌کردبووکە راپۆرتەکەی بۆ دەخوێندەوە دەربارەی جمو جۆڵو چالاکی‌یەکانی بنکەکەیان ، لە پاشا لەگەڵ کابتن‌دا بەجووتەو بەپیاسەکردنێکی لەسەرەخۆ لەسەر ئەوە رێك‌کەوتن کە کاروباری خۆیان وەی ناوچەکەش خاوبۆتەوەو هیچ جوڵانەوەیەك نی‌یە . ئەمەش چونکە فەرماندەکە دوای ئەوەی ژنی هێنابوو ، ئیتر وازی لە هەموو شتێك هێنابوو ، کابرایەکی هێمن‌و لەسەرەخۆبوو ، تێکەڵی هیچ نەدەبوو ، کەچی کاپتنەکە پیاوێکی زۆڵو ، بێ‌رێ‌وجێ‌و ، خاوەن ئارەزووی ناپەسندو ، خووو رەوشتێکی بەدفەربوو ، زۆریش توورەو توندو بێ‌ئارام‌بوو ، چونکە سێ مانگە وەك بەندکراو لێرە کەوتووە . . لەم شوێنە چۆلە وەستاوو مەندەدا .

کاتێ ژەمی خواردنی نیوەرۆ هاتو لەگەڵ سێ ئەفسەری‌تری گەنج‌دا لە ژووری خواردن‌دا کۆبوونەوە ، مولازمی‌یەکەم ، ئۆتۆ ڤۆن گروسلینگ‌و ، مولازمی دووەم ، فریتز شیۆنا نبورگ‌و مارکیز ویلهێلم ڤۆن ئێریك ، کە ئەمەیان پیاوێکی زیدە کورتیلە بوو ، قژێکی جوانی هەبوو ، بەلام یەکجار بەتوندی لەگەڵ دانیشتوانی شارە داگیرکراوەکەدا دەجووڵایەوە وتیژ تی‌ی دەخورین‌و ، وەك گوللە تۆپ بەگژیان‌دا دەچوو !

هەر لەو کاتەی کە گەیشتوونەتە فەرەنسا ، هاورێکانی هەر بەناوی «مادموازێل فیفی» بانگی دەکەن ، چونکە خاوەن قەدێکی ناسك‌و باریك بوو ، هەروەها دەمو چاویشی هەمیشە زەردبوو ، لە رەوشتو گفت‌وگۆ کردنیشیدا بەناز بوو .

ژووری سفره له سەراکەی شارۆچکەی «یوڤیل»دا درێژو نرخداربوو ، ئەویش بەهۆی ئەو هەموو شتە بەنرخەی تیایدا بوو ، بەلاّم هەرچی ئاوێنەی سەر دیوارەکان هەبوون ، هەمووی بە گوللەی ئەفسەرەکان شکێنرابوون ، هەموو پەردە گران بەهاو چەرچەفو چارشێوو قەنەفەکان بەشیر دراندرابوونو کەوتبوونە سەر زەوی ، وەکو جلو بەرگی شەمووڵە پارچە پارچە بووبوون !

ئەو جۆرە کارە نارەوایانە ئەوەی دەگەیاند کە جەنابی مادموازێل فیفی بەچی خۆی خەریك دەکردو ، چۆن کاتی بێئیشی بەسەر دەبرد !

لەسەر دیوارەکاندا سێ تابلۆی جوانو بەنرخ هەلّواسرابوون ، کە بریتی بوون لە وێنەی سوارێکی نێو زرێیەکی ئاسنینو ، کاردینالیكو ، قازییەك . ئەمانە هەرسێکیان قەلوونی درێژیان دەکێشا ! ! لەولاشەوە وێنەی ئافرەتێك هەبوو بەکراسێکی جوانو درێژەوە وەستابوو ، سەر بەرزانە تەماشای دەکرد ، بەلاّم ، داخەکەم بە خەلّووز سمێلّێکی گەورەی بۆ دروست کرابوو ! !

ئەفسەرەکان هەموو بەخامۆشیو بێدەنگی لەو ژوورە گرژو مۆنەدا ژەمەکەیان خوارد ، لەژێر هاژەی بارانو لە نێو ئەو خەمو خەفەتەی کە لە بێدەسەلاّتیو ژێر دەستیدا پێوەی دیاربوو . لەسەر ئەو ئەرزە رەقو تەقو ساردو سڕەی ژوورەکە کە لەدار بەروو دروست کرابوو ! هەرکە لەنانخواردن بوونەوە ، دەستیان کرد بەجگەرە کێشان وباس کردنی تەنگ و چەڵەمەی خۆیان ، لەکاتێکدا کە شووشەی براندیو خواردنەوەی تریش لە دەستێکەوە بۆ دەستێکی تر لە نێوانیاندا دەهاتو دەچوو ! هەریەکەش پێکە بن درێژەکانیان لەنێو پەنجەکانیاندا گرتبووو ، دەم نادەم لە لێوی خۆیانیان نزیك دەکردەوەو مژێکیان لێدەدا ، لەبەر بێئارامی خۆیان هەرکە پەرداخەکانیان بەتالّ دەبوون ، بۆیان پڕ دەکرایەوە ! تەنها مادموازێل فیفی نەبێ ، کە ئەو بێ یەكو دوو هەر پەرداخێکی بخواردبایەوەو بەتالّ بوایە ، بە هەموو توانایەوە لەیەکێ لە دیوارەکانی رادەمالّیو ووردو خاشیدەکرد ، ئینجا خێرا یەکێك لەو سەربازانەی کەوا بۆ خزمەتیان دانرابوون ، بەگورجی پەرداخێکی تازەی بۆ پڕدەکردەوە ، وای لێهات ژوورەکە پڕ بووبوو لە پارچە شووشەو دووکەلّ ، پیاوەکان خەوالّوو بوونو خەو چاویانی کزکردبوو !

بەلاّم بارۆن لە ناکاو لەجێی خۆی راستبووەوەو بە دەنگێکی بەرزەوە هاواری کردو گوتی :

– «بەخوا ئەم حالّە نابێ ئاوا بەردەوام بێ ، دەبێ بیر لەکارێ بکەینەوە .»

ئەوانیتر وەلاّمیان دایەوەو گوتیان :

– «کاپتن گیان ، چیت گەرەکە بابیکەین ؟ !» . پاش بیرکردنەوەیەکی کورت گوتی :

– «بەخوا ئەگەر جەنابی فەرماندە رێ بدات ، دەبێ بەزمێك بۆ خۆمان رێك بخەین !» .

فەرماندە پرسی :

– «چۆن بەزمێك ، کاپتن ! ؟» .

بارۆن گوتی :

– «گەورەم ، من هەموو شتێك رێك دەخەم ، مام دیووتی دەنێرم بچێتە «رۆن»و چەند ئافرەتێك لەگەلّ خۆیدا بهێنێت . . من ئەزانم لەکوێدا هەن ، ئیتر ئاهەنگێك سازدەکەین ، خواردنو خواردنەوە دەخورێتەوەو ، هەرشتێکی پێویستیشە هەمانو ئامادەیە ، بێگومان شەوێکی شادوخۆش رادەبوێرین !

لێرەدا کۆنت ڤۆن فارلسبرگ هەردوو شانەکانی هەلّتەکاندو گوتی :

– «تۆ شێت بوویت ، هاورێم ؟»

کەچی ئەوانی دیکە هەلّسانە سەرپێو دەورەی سەرۆکییان داو بەپارانەوە گوتیان :

– «لێی گەرێ گەورەم ، رێی بدە با قسەکەی جێبەجێ بکات ، ئێرە زۆرناخۆشە ! !

مێجەر هیچی پێنەکراو ناچار پارانەوەکەیانی قەبوولّکرد .

ئیتر خێراخێرا بارۆن ناردی بەشوێن پیرە «دیووتی» ، کە ئەویش کۆنە ئەفسەرێکی «سیلاحسز» بوو ، بەلام هەرگیز رۆژێك زەردەخەنەیەکی بەسەر لێوەوە نەبینرابوو ! ئەگەر فرمانێکیشی پێ بسپێردرابوایە ، ئەوە بەتوورەیی یەکەوەو ، بەنارەزایی و بێ دەنگ جێبەجێی دەکرد !

دیووتی هاتە ژوورەوەو لە پێشیانەوە بەروویەکی گرژو مۆن رەق راوەستاو گوێی دایە فرمانەکانی بارۆن ، ئینجا چووە دەرەوە . پاش پێنج دەقیقە گالیسکەیەکی سەربازیی کە چوار ئەسپ بەزەحمەت رایان دەکێشا ، لەکۆشکەوە دەرچوو بۆ نێو تۆفو بارانو ، زۆر بەتیژی تیپەری و بزربوو . ئەفسەرەکان جموجۆڵیکیان کەوتە ناوو گەش بوونەوە ، مولازم ڤۆن گرۆسلینك دڵنیای کردن کەوا بارانەکە ساماڵی لەدوایە ، هەرچی مادموازیل فیفی بوو هیچ ئۆقرەی نەدەگرت و لەهیچ شوێنێك رانەدەوەستاو ، هەر دەهات و دەچوو ، چاوەکانی بەدوای شتێك دا دەسووران و دەگەران بۆ ئەوەی تێکی بداو بیپلیشێنێتەوە ، لەناکاو چاوی بریە ئافرەتە بەسمێڵەکەو خێرا دەمانچەکەی دەرهێناو تێی گرت و گوتی :

- «تۆ نابینی !»

ئەمەی گوت و بێ ئەوەی لەجێی خۆی هەڵسێت ، نیشانەی لە تابلۆکە گرت و بەدوو گوللە بینایی چاوی کوژاندەوە ، لەدوایی بەهاورێکانی گوت :

- بالوغمێك دابنێینەوە !

بەخێرایی ئەوانی تر قسەکەیان بری ، وەك بڵێی شتێکیان بۆ خۆ خافلاندن دۆزیبێتەوە ، چونکە تەقاندنو تێکشکاندن رەوشتی ئەو کابرایەبوو بۆ کات بەسەربردن .

خاوەن کۆشکەکە ، بەرێز «کۆنت فێرناند داموێس (بوڤیل)» کە ماڵەکەی بەجێ هێشت و هەلات . ماوەی ئەوەی نەبوو شتە بەنرخەکان لەگەڵ خۆیدا بەرێ ، وەیا بیانشارێتەوە ، ئەو مرۆڤە چونکە خاوەن سامانبوو ، خولیاو هۆگری کۆکردنەوەی شتی بەنرخ و عەنتیکەبوو ، بۆیە ژووری میوانانی گەورە دروست کردبوو ، ئەوەی سەیری بکردایە وەك مۆزەخانەیەك دەهاتە بەرچاو ، لەسەر هەموو دیوارەکاندا وێنەو تابلۆی زەیتی و ئاوی نرخدارو شتی دەستکردی عادەتی هەڵواسرابوون ، لەسەر مێزو رەفتەکانو ، لەنێو دۆڵابەکاندا هەزار جۆر گوڵدانو پەیکەر و ئەو بابەتانەی لە «چینی» دروست کرابوونو ، هەندێك شتی لەعاج دروست کراوو ، پەرداخیوا کە لەشاری ڤینیسیا کرابوون ، ئەو هەموو شتانە بە رێك و پێکی و بە ئەندازەیەکی هونەری و جوان دانرابوونو رێك خرابوون . بەلام ئێستا کە ، بەدەگمەن نەبێ ، شتێك لەمانە بەساغ و سەلامەتی بەجێ نەمابوو ، نەك لەبەر ئەوەی کە بڵێی دزرابن ، نەخێر ، چونکە ئەوەی راستی بێ فەرماندەکەیان دژی ئەم کارە بووو ، هەرگیز ماوەی نەدەدا روو بدات و بکرێ . بەلام مادموازێل فیفی ناوەناوە دەیکردنە نیشانەو دەیشکاندنو ، ئەفسەرەکانی تریش یارمەتیان دەداو ، ئەوانیش ئەوەی بمابایەوە لەناویان دەبرد .

مارکیزی کورتە بالا هاتە ژوورەوەو قۆرییەکی لە «چینی» دروست کراوی دەست دایەو لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ ژووری نانخواردنو ، پری کرد لە بارووت و فتیلێکی تێ هەڵکیشا ، لەپاشان بردیە ژووری میوانانو ئاگری داو بەراکردن گەرایەوەو دەرگای ژوورەکەی داخست ، خۆیشی لەتەك هاورێکانی یەوە وەستاو بەدەم پێکەنینەوە وەك منالّ چاوەروان بوو ! لەپڕ لەژوورەکەی تردا تەقینەوەکە روویدا ، کۆشك و خانووەکە هاتنە لەرزین .

هەموویان بەراکردنەوە بەرەو ژوورەکە چوونو مادموازێل فیفی لەپێشەوەی هەموویانەوەبوو ، هەرکە چاوی بەپەیکەری ڤینۆس کەوت کەسەری پەریبوو ، لەچەپڵەی داو . هاواری کرد ، ئەوانی تریش هەروەها ! هەموویان دەستیان کرد بەپشکنینی ناو ماڵەکەو پارچەی شتە شکاوەکانیان بەدەستەوە دەگرت و کەمێك تەماشایان دەکردو ، پاشان سەیری دەورو پشتی خۆیانیان دەکردو چاویان دەبریە ئەو شتانە کە لەسەر ئەرزەکە پەرت و بلاوبوونەوە .

فەرماندەکەیان هاتە ژوورەوەو کارە پیسەکەی دی ، بەچاوێکی پڕ لە پەشیمانی‌یەوە سەیری رووداوەکەی کردو ، باوکانە سەیری ژوورەکەی دەکرد ، کە چۆن «نیرۆنیانە» وێران کرابوو ! ! زمانی گیرابووو . ســـەری سورمابوو ! کە چووە دەرەوەش بەناچاری‌و گاڵتە پی‌کردنەوە گوتی :

– ئەمجارە سەرکەوتنەکە بیٚ ئەندازەبوو !

لەبەر دووکەڵ‌و بۆنی باروود ، بەزەحمەت هەناسەیان بۆ وەردەگیرا ، بۆیە پەنجەرەکانیان کردەوەو دەستیان کرد بەکۆنیاك خواردنەوەو ، نزیك پەنجەرەکان راوەستان ، بایەکی شی‌دار خۆی دەکوتایە ژوورەوەو لەگەڵ خۆی‌دا بۆنی تەڕایی زەوی دەهێناو لەگەڵ ئەو سپری‌یەی تێکەڵ دەکرد کە لەریش‌و سمێڵی خۆیانیان دابوو ، درەختەکانیش لەدەرەوە لەژێر زەبرو تەوژمی باران چەمابوونەوە ، گەڵی‌یەکان تاریکایی باڵی بەسەردا کێشابوون‌و تەم‌و مژێکی ئەستوور دایپۆشیبوون ، پیاوەکان سەیری ئەو دیمەنە جوانانەیان دەکرد ، ئینجا روویان کردە قوللەی کڵیسەی دێ‌یەکە کە تارمایی‌یەکەی لە دوورەوە وەك رەشایی‌یەك لە نێو تاریکیدا بەدەر دەکەوت ، بەڵام لەو رۆژەوە کە ئەوان گەیشتبوونە ئەوێ‌وە زەنگی کڵێسا کە لیٚ‌ی نەدابوو ، ئەم کردەوەیەش خۆی لە خۆیدا خۆپیشاندانێکی بەرگری‌یانە بوو ، کە خەڵکەکە نیشانی داگیرکەرەکانی دەدا ، بەڵام بۆ شتی دیکە قەشەکەیان هەرگیز نەی گوتووە «نەء !» ، هەموو پیٚ‌ویستیەکی‌بۆ ئامادە کردوون ، وەك جی‌و شوێن‌و خواردن ، تەنانەت چەند جارێکیش لەگەڵیاندا پەرداخیٚ بیرەشی خواردۆتەوە .

فەرماندەکە چەند جاریٚ هەوڵی‌دا لەگەڵ قەشەکەدا پەیوەندی‌یەك دروست بکاو لە رێگەی ئەوەوە لەگەڵ دانیشتوانی شارۆچکەکەدا دۆستایەتی پەیدا بکات‌و قەشە لە نێوانیان‌دا ببێتە ناوبژی‌وان ، بەڵام هەموو ئەم کۆششانەی بەفیرۆ دەرۆیشتن هەرکە هەوڵی ئەوەی دەدا قەشە جارێك زەنگی کڵێساکە لیٚ‌بدات .

قەشە لەو باوەرەدا بوو کە بۆ ئەو خۆشتر وچاکترە لەسێدارە بدریٚ نەوەك زەنگێك لیٚ بدریٚ ، ئا ئەمە بوو نموونەی بەرگری کردن دژی دوژمن ، کە بەرگری‌یەکی بیٚ‌دەنگ‌و بیٚ‌زیان‌و ئاشتیانەبوو ، هەر ئەم رێگەشە کە شیاوی قەشەیەکی وەکو ئەوبیٚ ، کە ئادەمیزادێکی ئاشتی خوازە ، نەوەك شەر خواز ، ئەم رێبازەی ئەو ببووە هۆی ئەوەی هاوولاتی‌یەکانی پڕ بەدڵ خۆشیان بویٚ ، سەبارەت بەو خۆڕاگرتنە بەهێزەو ئەو پاڵەوانیەتیەی نواندی بەچەسپاندنی رەش پۆشیی‌و تازیمانە دانان لە رێگەی بیٚ‌دەنگ کردنی زەنگی کڵێسەکە ، تەنانەت خەڵکەکە ئامادەبوون ببنە پاڵپشتێکی پتەو بۆ بەهێزکردنی وورەو باوەری شوانەکەیان‌و ، هەروەها هەموو شتیٚ تەرخان بکەن بۆ بەردەوام بوونی بڕیارەکە تاوەکو ببێتە پاسەوانێکی دڵسۆزو بیٚ‌ترس لە پێناو پاراستنی شەرەفی میللەتەکەیان !

ئەم کارە بووە نموونەی وولآت پەروەری لەلایەن وەرزێرەکان‌و ، ئەوانیش وەك هەردوو پاڵەوانی مێژوویی «بلفورت وستراسبورگ» وا ئێستاکە شیاوی ئەم خاکەن‌و ، بەڵکو ئەتوانین بڵێین کە نموونەی پاڵەوانیەتی ئەوان یەکسان بەوانی‌تر . لە هەمان کاتیشدا ناوبانگی شارەکەیان بلآودەبێتەوەو دەکەوێتە نێو مێژووو بەنەمری دەمینێتەوە .

بەڵام ، جگە لەمە ئامادەبوون هەموو شتێك بدەنە پرووسیەکان ، هەرچی پرووسیەکانیش بوون لەناو خۆیان‌دا گاڵتەیان بەم «مەردایەتیە» دەکردو ، پیٚ‌ی پیٚ‌دەکەنین ! چونکە هەموو دانیشتوانی شارۆچکەکە میوانداریی چاکیان دەکردن بەرامبەر بەمە ، ئەوانیش وازیان لیٚ‌هێنابوون‌و ئازاریان نەدەدان‌و لیٚ‌یان دەگەران ئەم وولآت پەروەری‌یە بنوێنن بەگوێرەی ئارەزووی خۆیان ، تەنها مارکیز ویلهیلم نەبیٚ کە زۆر حەزی دەکرد زەنگەکە لیٚ‌بدات ! زۆریش توورە بووبوو لە جۆری رێبازە سیاسی‌یەکەی هاورێکانی بەرامبەر قەشەکە . . هەموو رۆژیٚ وەك ئافرەتێك چۆن لە پیاوەکەی دەپارێتەوە کە شتێکی بۆ بکریٚ ، ئاوا لە گەورەکەی دەپارایەوە کە ریٚ‌ی

بدات‌و بچێت بەدەستی خۆی جارێك زەنگەكە لێ بدات ، بەڵام فەرماندەكە ئامادە نەبوو داخوازی‌یەكەی بۆ جێ بەجێ بكات ، هەر لەبەر ئەوەش بوو مادموازێل فیفی بەتەقاندن وتێكشكاندنی سەراكەی یوفیل رق‌و كینەی خۆی دادەمركاندەوە .

هەر پێنج پیاوەكە لە شوێنی خۆیاندا بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەك بەرامبەر پەنجەرەكە راوەستان‌و ، ئەو باشی‌دارەیان هەڵ دەمژی كە بەگور دەهاتە ژوورەوە ، تا مولازم فریتز لە دوایی‌دا بە پێكەنینێكەوە گوتی :

- «دیارە ئافرەتەكان گەشتەكەیان خۆش نابێت لەگەڵ ئەم باو بارانەدا» .

ئەوسا بلاوەیان لێ‌كردو هەریەكەیان چووە سەر كارەكەی خۆی ، بەڵام ئیشێكی زۆر چاوەروانی كاپتنی دەكرد ، وەكو ئامادەكردنی شوێن‌و ژەمی خواردن و خواردنەوەی شەوەكە .

كە ئەفسەرەكان جارێكی‌تر لەكاتی رۆژ ئاوابووندا كۆبوونەوە ، كەوتنە قاقای پێكەنین‌و سەیری یەكتری‌یان دەكردو پەنجەیان بۆ یەك دەبردو لەبەر پێكەنین دەكەوتنە سەرپشت ! ! چونكە هەریەكەیان خۆی جوان تاس‌و لووس دابوو ، ، جل‌و بەرگی جوان‌و پاكی لەبەر كردبوو هەروەك بۆ ئاهەنگێكی گرینگ وگەورە بچن ، هەرچی قوڵۆنیاو لەوەنتەش هەبوو لە خۆیانیان دابوو ، تەنانەت قژی سەری فەرماندەش مووی سپی تێدا نەمابوو ! كاپتنیش ریشی تاشی بوو ، تەنها سمێڵەكەی لەژێر لووتی‌یەوە سوور دەبریقایەوە ، پەنجەرەكانیان هەر بەكراوەیی جێ‌هێشتبوو ، ناوە ناوە یەكێكیان دەچووە بەردەمی پەنجەرەكەو سەیرێكی دەرەوەی دەكرد ، تا لەكات ژمێری شەش‌و دە دەقیقە بارۆن گوتی : گوێم لە دەنگی سمی ئەسپەكانە ! هەر هەموویان بە پەلە بەرەو خوارەوە رایان كردو ، لەو كاتەیشدا گالیسكەكە لە حەوشەكەدا راوەستاو هەر چوار ئەسپەكان نەفەس بربووبوون‌و ، پشتیان تەروو قوراوی بوو ، هەڵم لە هەموو گیانیان هەڵ دەستا ، هێندەی پێ‌نەچوو پێنج كیژی جوان لە گالیسكەكە هاتنە خوارەوە ، وا دیاربوو ئەو برادەرەی كاپتن كە لەگەڵ پیرە «دیووتی» نامەكەی بۆ ناردبوو ، ئافرەتەكانی جوان هەڵ‌بژاردبوون ، كیژەكان هیچ پێویستیان بەخۆرازاندنەوە نەبوو ، تەنانەت ئیشی خۆیشیان چاك دەزانی ، چونكە لە ماوەی ئەو سێ مانگەی كە پرووسی‌یەكان هاتبوون‌و ئەو ناوەیان داگیركردبوو ، وای لێ‌كردبوون كە لێیان رابێن چۆن لەگەڵیاندا بجووڵێنەوەو هەڵسن‌و دانیشن ! بەڵكو ئەم كارەیان بە ئەركێك دەزانی . .

ئیتر هەموویان روویان كردە ژووری سفرە «خواردن» . هەركە چراكان داگیرسان ، ژوورەكە زیاتر دڵتەنگی نواند لە ئەنجامی ئەو حاڵە شرەی كە تیایدابوو ، لەسەر خوانەكە بەبێ ریزكردن‌و بەنارێكی جۆرەها فەخفوری‌و قاپ‌و پەرداخ‌و ملاك‌و چەتاڵ‌و چەقۆو شتی دیكە فرێ درابوون . ئەم كەرەستانەیش هەمووی تازە لەنێو كولانكەیەكی یەكێ لە دیوارەكانی كۆشكەكەدا دۆزرابوونەوە ، كە خاوەنەكەی تیایدا شاردبوونی‌یەوە ، هەر بۆیە ژوورەكە وەك خانێكی دزان دەهاتە بەرچاو ، كاتێ كە دزەكان لەدزی دەگەرێنەوەو دێنە شوینێكی واو ، دەست دەكەن بەخواردنەوەو ، دابەش‌كردنی ماڵە دزراوەكە لە نێوان خۆیاندا .

كاپتن زیاتر لەوانی‌تر بەجم‌و جۆڵ‌بوو ، بەرپرسیاری‌ی ئافرەتەكانی خستە ئەستۆی خۆی وەك ئەوەی لەوانی دیكە چاكتر بیان ناسێت ، ناوە ناوە گوێی دەدایە راوو تەگبیریان‌و ، جار جارەیش ماچی دەكردن‌و ستایشی دەكردن ، كاتێ كە سێ ئەفسەرەكەی تر ویستیان هەریەكەیان كیژێك بۆ خۆیان هەڵ بژێرن . كاپتن نەیهێشت‌و بۆی روونكردنەوە كە ئەم ئەركە خۆی پێی هەڵ دەستێ‌و هەر ئەو ئەم مافەی هەیە ! چونكە ئەم دابەش‌كردنە دەبێ بەپێی پلەو روتبەیان بێ ، تاكو یاسای «پێشترو پاشتر - الاسبقیة» تێك نەچێ ! بۆ ئەم مەبەستە دەستی كرد بە پرسیار كردن لەناوی كیژەكان : یەكەمیان گوتی : ناوم پامێلایە . كاپتن گوتی :

– «ژمارە یەك ، پامیلا ، بەشی فەرماندەمانە» . دوای ئەم ، کیژێکی تری ماچ کردو ناوەکەی پرسی ، ئەویش ناوی «بلۆندین» بوو ، ئەوەیان بۆ خۆی هەڵبژارد . «ئەماندای» خڕین و قەڵەویشی دایە مولازم ئۆتۆ ، وە «ئیڤای» ناسراو بە «تەماتە»ی کردە بەشی مولازمی دووەم فریتز . . دوا کیژیش «ڕاشێل»ی ناوبوو ، بەبالاّ لە هەموویان کورتتربوو ، کیژێکی بچووك و ئەسمەرو خاوەن دوو چاوی ڕەشی وەك مەرکەبی ڕەش ، کیژێکی جوولەکەبوو ، بەڵام لووتی پانبوو ، بەپیچەوانەی هاوولاّتی یەکانی ، کە ئەمە لەنێو جوولەکەکان باو نی یە ! ئەمەیانی دایە گەنجترین ئەفسەر ، مارکیز ویلهیلم ڤۆن ئێریك ، کە بە مادموازیل فیفی بەناوبانگ بوو لەنێو هاوڕێکانی دا .

ئەوەی ڕاستی بێ کیژەکان هەریەکەیان بەجۆرێك جوان بوو ، هەموویان بەژن و بالاّڕێك و پتەو بوون ، هیچیان شتێکی زیاتر وەیا کەمتریان نەبوو لەوانی تر کە پێی جیا بکرێنەوەو هەر لەیەکیش دەچوون ، بەشێوەو بالاّو جوولانەوەو هەڵس و کەوت ، چونکە لەو جۆرەکارە ڕاهاتبوون ، کە ئەویش ژیان بەسەر بردنە لەنێو ئەو کۆمەڵە ئافرەتانەی کارو پیشەیان خۆشی ی بەپیاو بەخشینە لە ڕێگەی سەماو ڕابواردنەوە . .

سێ ئەفسەرە گەنجەکان بەو هیوایە بوون ماوەیان بدەن هەریەکەی ئافرەتەکەی خۆی هەڵگرێ و بیباتە خلوەتێ ، بەو بیانووەی کەوا کیژەکان دەیانەوێ خۆیان ڕێك بخەنەوەو برازێنەوە .

بەڵام هەرچی کاپتنەکە بوو نەیهێشت و پێی گوتن کە کیژەکان جوانن و هیچ پێویستیان بەخۆڕازاندنەوە نی یەو ڕاستەوخۆ ئامادەن بۆ ئاهەنگ گێڕان ! بەم جۆرە هەموو دانیشتنەوەو دەستیان کرد بەخواردنەوە ، گفت وگۆو پێکەنین و هەرا دەستی پێکردو ماچ و موچی کیژەکانیش پەرەی سەند . .

لەپڕ ڕاشێل هێڵنجی هاتەوەو هێندەی نەمابوو بخنکێ و گەلێك کۆکی ، تومەز کابرای هاوڕێی – واتە مادموازیل فیفی ، لەکاتی ماچکردنیا ، قورگی کچەکەی پڕی دووکەڵی جگەرە کردبوو ، دوای کۆکینێکی زۆر ، کچە ماتبووو ، هیچ خۆی نەشێواند ، بەڵام توورەیی خۆی بە تەماشا کردنێکی پڕ لە کینەو بەچاوە ڕەشەکانی یەوە دەری دەبری . .

دوای ئەم بەزمە ، هەموویان لە دەورەی مێزی نان خواردندا دانیشتن ، فەرماندەکەیان زۆر کەیف خۆشبوو ، کامەرانی ی بەسیماوە دیاربوو چونکە پامیلای لەلای ڕاستەوەو بلۆندینی لەلای چەپی یەوە دانیشتبوون ، هەر لە خواردنیش بوونەوە ، فەرماندەکە هەستی خۆی دەربڕی و گوتی :

– «تەگبیرێکی گەلێك شیاوو زۆر جوان بوو لەلایەن تۆوە ، ئەی کاپتن .»

هەرچی لێفتنانت «مولازم» ئۆتۆ و فریتز بوون ، بە ئەدەب دانیشتبوون و لەگەڵ کیژەکانیاندا ڕێك دەجولاّنەوە ، وەك بڵێی لەگەڵ دوو ئافرەتی بەشەرم و پاك دانیشتوون ، چونکە کەمێك دەترسان و شەرمیشیان لە دراوسێکانیان دەکرد ، هەرچی «بارۆن»یش بوو ، بە پێچەوانەی ئەوانەوە ، ئارەزووەکانی پەرەی سەندبوو لەبەر خواردنەوە ، بەخۆیو بەقژە سوورەکەیەوە کە لەتەوقی سەریەوە هاتبووە خوارەوەو بەسەر دەم و چاوو گوێچەکەکانیدا پەرت بلاّو ببوونەوە ، دەتگوت ئاگری تێبەربووەو دەسووتێ ، ستایشی جوانی ی کیژەکانی دەکردو سەرنجی سەیر سەیرو نارەوایشی دەردەبری ، بەو زمانە فەرەنسی یە شەق و پەقەی کە دەیزانی ، ئەوەی زۆریش ناشیرین بوو ، ئەو پریشکە تفانە بوون کە لە دەمی یەوە دەهاتنە دەرەوەو ، لە کەلەبی نێوان ددانەکانی پێشەوەیدا دەردەپەڕی و بەدەم و چاوی کیژەکان دەکەوت ! ئەڵبەتە کیژەکانیش هیچی لێ تێنەدەگەیشتن .

هەراو پێکەنین و هاوار زیاتربوو ، پیاوەکان خۆیان فڕێ دەدایە ئامێزی ئافرەتەکان و قسە ناپەسندەکانی «بارۆن»یان دووبارە دەکردەوەو ، خۆیشیان قسەی هەلەق بەلەق تریان

دەدایە پاڵ کیژەکانیش مەستو سەرخۆش بووبوونو ئەوانیش بەگوێرەی ئارەزووی پیاوە هاوڕێکانیان ووشەی ناشیرینو پیسیان لە دەم دەردەچوو ، بەم جۆرە ڕەسەنایەتیان بەدەرکەوت ! ! یەکێکیان لاسمێلی چەپی پیاوەکەی خۆی ماچ دەکرد ، ئەویتر لای ڕاستی ، یەکیتر نقورچەی لە ڕانی کابرای تەنیشتی‌یەوە دەدا ! هەندێکیشیان بە دەنگێکی بەرزەوە یەك دوو کۆپلەی گۆرانی‌یەکی ئەڵەمانیان دەگوت کە لە دەمی ئەمو ئەو فێری بووبوون ، ئەڵبەتە ئەویش لەبەر دانیشتنی زۆرو ڕابواردنیان لەگەڵ سەربازە ئەڵەمانی‌یەکاندا .

لەم سەینو بەینەدا ئارەزووی لەشی پیاوەکان کلپەی دەسەندو دەستیان کرد بەفڕێدانو پەرتو بلاوکردنەوەی قاپو پەرداخو کەلو پەلی سەرمێزەکە .

سەربازەکانی دەورو پشتیشیان زیاتر لەو شتانەیان دەدایە دەستیان بۆ ئەوەی بیپلیشێننەوە ، تەنها فەرماندەکەیان خامۆشو بێجولانەوە دانیشتبوو ، ماتو بێدەنگبوو ،

هەر تەماشای ئەفسەرەکانی خۆی دەکرد ، هەرچی مادموازێل فیفی بوو ڕاشێلی لەسەر چۆکی خۆی دانابوو و بەردەوام بۆنی دەکردو لەشی نەرمو نیانی کچەکە ، تەزووی ئارەزووە سێ کسی‌یەکانی لەناو دەروونی‌دا گڕی گەرم بووبوو ، جار جارەیش سەری شۆڕ دەکردەوە سەر کەلەنی کراسەکەی کە لە ملی‌یەوە بەرەو خوار لەسەر شێوەی ژمارە «٧»دابوو ، سەیری سینەی کچەکەی دەکرد ، ناوە ناوەش نقورچێکی توندی لە ڕانی گیر دەکردو وای لێدەکرد یەك بەلای ڕاچڵەکێو ڕاپەڕێو ، پڕ بەدەمی هاوار بکات . چونکە ئەو مرۆڤە خوو ڕەوشتی تەنها ئازاردانی خەڵکی بێ دەسەلاتبوو ، هەندێ جاریش کچەکەی لە ئامێز دەگرتو توند دەیگوشیو لێوەکانی خۆی دەخستە سەر لێویو ، بە هەموو هێزی‌یەوە بەددانەکانی هەردوو لێوی دەگەزی ، تا وای لێدەهات خوێن لێیانەوە دەردەپەڕیو بەسەر دەمو چەناگەو گەردنی‌دا دەهاتە خوارەوە ، تا جارێکیان کچکە هێندە بێزاربوو ، دوای ووشك کردنەوەی خوێنی لێوەکانی ڕووی تێکردوو گوتی :

– «دەبێ نرخی ئەمەم بدەیتی !»

ئەویش بە گاڵتەو پێکەنینێکی بەرزەوە گوتی :

– «بەڵێ . . دەیدەم» .

لە کۆتایی‌دا شەمپانیان بەسەردا گێڕان ، فەرماندە هەڵسایەوە سەرپێو پێکی خۆی بەرزکردەوەو گوتی :

– «چەرێو ! بۆ خانمەکانمان !» .

بەمە ڕێی بۆ ئەوانی تریش کردەوەو ، هەر یەکە بەجۆرێ دەیخواردەوەو قسەیەکی دەکردو ، تەنانەت قسەو ووشەی ناشیرینیش دەگوترا ، چونکە زمانەکەیان بەچاکی نەدەزانی . ئیتر زوربەی ووتەکانیان مانای سەیریان دەگەیاند ، هەر بۆیە هێندە پێدەکەنین تا دەکەوتنە سەرپشتو چەپڵەیان لێدەدا .

لە ناکاو کاپیتن پێکی خۆی بەرزکردەوەو گوتی :

– «بۆ سەرکەوتنمان و داگیرکردنی ئەم دلانە !» .

دوای ئەوەی کاپتن ئەم قسەیەیکرد ، لێفتنانت ئۆتۆ سەرخۆشی کاری تێکردبوو ، هەڵسایەوەو ، وەکو شێتێك هاواری کردو گوتی :

– «بۆ زاڵ بوونمان بەسەر فەرەنسادا !» . ئافرەتەکان زۆر سەرخۆش بووبوون ، کتومت دانیشتبوون . بەلام ئەم قسەیە کاری تێکردن ، هەر بۆیە ڕاشێل گوتی :

– «من هەندێ پیاوی فەرەنسایی دەناسم . کە تۆ لە بەرامبەر ئەوانەوە قەت ئەو ئازایە نیت ئەم قسەیە بکەیت . .»

مارکیز ، کە هێشتا کچەکەی هەر لەسەر چۆکی‌یەوەبووو . بەتوندی لە ئامێزی خۆی گرتبوو ، دایە قاقای پێکەنین . چونکە مەی وا مەستی کردبوو بیووە مرۆڤێکی گاڵتەچیو نوکتەبازو . گوتی :

– «ها ! ها ! ها ! من بەخۆم تووشی هیچیان نەبوویم ، بەڵام هەرکە بۆیان دەرکەوین ، خۆیان ناگرنو هەڵ دێن .» .

بەڵام کچەکە بە توورەیی‌یەکەوە سەیری سیماو نێو چاوانی کردو ، هاواری کردو گوتی :

– «تۆ ئەی پیسی بەدفەری ناپەسند ، درۆ دەکەیت !» .

پیاوەکە بە دوو چاوە شینەکەیەوە بۆ ماوەیەکی کورت تەماشایەکی کردو ، ئینجا هەر بەهەمان سەیرکردنی ئەو وێنەیەی کە بە دەمانچەکەی شکاندی ، بە کچەکەی گوت :

– «ئا ، باشە ، با باسی‌ان بکەین ، جوانەکەم ! ئایا ئەگەر ئازا بوونایە وەك دەفەرموویت ، ئێمە لێرە دەبووین ؟» .

لە پاشا بە تۆزێ توڕەیی‌یەکەوە گوتی :

– «ئێمە گەورەیانین ، فەرەنسا بۆ ئێمەیە !» .

کیژەکە لە سەر چۆکی کابرا ڕاپەڕیو لەولاوە لەسەر کورسی‌یەك دانیشت ، پیاوەکەش هەڵساو پێکەکەی بەرز کردەوەو ، لە دیوەکەی تری مێزەکەوە قسەکەی خۆی دووبارە کردەوە :

– «فەرەنسا هی ئێمەیە ، فەرەنسایی‌یەکان ، دارستانەکان ، کێڵگەکانو خانووەکانی فەرەنساش هەمووی موڵکی ئێمەیە !» .

پیاوەکانی‌تر ، ئەگەرچی مەی بە یەکجاری بێ هۆشی کردبوون ، بەڵام لەم مشتو مڕەدا ، هەستی سەربازیەتی‌و گیانی پرووسیایەتی لە لەشیانا جوڵایەوەو ، دڕندانە هەموویان پێکیان بلند کردو گوتی‌یان :

– «بژی پرووسیا !» .

ئینجا بەیەك قوم پێکەکانیان بەتاڵ کردە نێو زگیانەوە ، کچەکان وورتەیان لێوە نەهات ، چونکە چووبوونەوە دونیایەکی تری مەستی‌و خامۆشی‌و پڕ مەترسی‌یەوە ، تەنانەت ڕاشێلیش هێزی قسەکردنی نەمابووو ، بێدەنگ بوو بوو . مارکێزی کورتە باڵا پێکەکەی خۆی لەسەر سەری کچە بێدەسەلاتو بێدەنگەکە داناو هاواری کرد :

– «هەموو ئافرەتەکانی فەرەنساش هی ئێمەن .» .

ئا لێرەدا کچەکە هەڵسایە سەرپێی‌و شەرابە عەنبەری‌یەکە هەموو ڕژایە نێو قژە زووخاوی‌یەکەیەوە ، وای لێهات وەك یەکێك لە ئاودا هەڵکێشرابێ ، ئینجا کەوتە خوارەوەو پەرداخەکەیش شکا . بەدوو لێوی بە ترسو لەرزەوە ، بە ئەفسەرەکەی گوت ، کە هێشتا هەر پێ دەکەنی . .

– «ئەمە . . ئەمە ڕاست نی‌یە . . . چونکە من دڵنیام کە تو تەنها یەك ئافرەتی فەرەنسایت چنگ نەکەوتووەو ناکەوێ تا ڕەزیلی بکەیت . .» .

کابرا دانیشتەوەو پێکەنینەکەی تەواو بوو ، هەوڵی‌دا بەشێوەی زمانی فەرەنسی قسە بکاتو گوتی :

– «باشە . . زۆر باشە ئازیزەکەم ، کەوابێ پێم بڵێ ئێوە چینو ؟ بۆچ لێرەن ؟ !» .

کیژەکە بۆ ماوەیەك واقی وورمابووو ، ڕەق ڕاوەستابوو ، هەروەك یەکێك برووسك لێی بدات ، چونکە بە یەکەم هەڵ لە مەبەستەکەی حاڵی نەبوو ، بەڵام دوای ئەوەی واتای قسەکانی ئەفسەرەکەی لەلا ڕوون بووەوەو تێیانگەیی ، بە نارەزایی‌یەکەوە هاواری کرد :

– «من ؟ من ئافرەت نیم ، من پیسو ناپاکم ، پرووسیەکانیش هەر ئەوەیان لێ دەوەشێتەوە !» .

هێشتا کچەکە لە قسەکانی نەبووبووە ، کابرا شەقازلەیەکی توندی پێدا کێشاو ، ویستی یەکی تریشی لێبدات ، بەڵام ، کە دەستی بەرزکردەوە ڕاشێل نەیکردە نامەردی‌و چەقۆیەکی میوەی لەسەر مێزەکەوە فڕاندو ، هەر هێندەی چاو نووقانێکی پێ‌نەچوو کە بەهەموو هێزی‌یەوە چەقۆکەی لە هەوراز قورقوڕاگەی ملی کابرا گیر کردوو تێی چەقاند ، ئیتر خوێن فیچقەی کرد ، بۆ ماوەیەك کەس ئاگاداری ڕووداوەکە نەبوو ،

چونکه هێندە ئازایانەو بە خێرایی‌و سووك دەستی کارەکەی ئەنجامدا ئەوانەی دیکە هەستیان پێ نەکرد ، بریندارەکە خەریك بوو شتێ بڵێ‌و قسەیەك بکات ، بەڵام ، ووشەکان لەنێو قورقوراگەی‌دا گیریان دەخواردو نەدەهاتنەدەرەوە ، بۆیە هەر لە جێوە دانیشت‌و دەمی بەنیوە کراوەیی مایەوەو ، چاوەکانیشی بەکراوەیی دیمەنێکی پڕ مەترسی‌یان دەنواند .

کە ئەفسەرەکان ئەمەیان بینی ، هەریەکە لە جێگەی خۆی‌دا بەترسەوە بەرەو کچەکە بازی‌دا ، بەڵام کچەکە گورج کورسی‌یەکی هەڵگرت‌و فڕێی دایە بەر پێ‌یان ، لێفتنانت ئۆتۆ کەوتە سەری‌و یەك بەزەوی‌یەکە ڕاکشا ، کچەکە بەغار خۆی گەیاندە پەنجەرە کراوەکەو خێرا خۆی فڕێ‌دایە خوارەوەو ، بازی دایە دەرەوەو ، لە نێو تاریکیدا بزر بوو ، لەوەش زیاتر هاژەی باو باران زیاتر وونیان کرد . .

لەماوەی دوو دەقیقە مادموازێل فیفی بووە لاشەیەکی ساردوسوڕی بێ هەست‌و بێ نەفەس ، لەولاشەوە فریتزو ئۆتۆ «قامەکانیان» ڕووت کردەوەو بەتاو پەلاماری ئافرەتەکانی دیکەیان داو ویستیان بیانکوژن ، بەڵام ، ژنە لەترسا ڕەق بووەکان‌و ، بێ‌دەسەڵاتەکان خۆیان فڕێ‌دایە بەر پێ‌ی ئەفسەرە توورەکان‌و ، توند قاچەکانیان گرتن‌و پاڕانەوە ، گەر مێجەرەکە نەبوایە کوشتارێکی دڕندانەو ناڕەوا ڕووی دەدا ،

مێجەر بەچ‌حاڵێ توانی هەر چوار کیژەکە لەدەست دوو ئەفسەرەکە ڕزگار بکات‌و ، بەرەڵلایان بکات‌و ، لەژوورێکی پەستن‌و دەرگاکەی لەسەر کلیل‌دان‌و ، دوو سەربازی ئێشکچیشی لەبەر دەرگاکە دانا . ئینجا کەوتە پلان دانان‌و کۆشش‌کردن بۆ ڕاونانی کیژە تاوانبارەکەو دۆزینەوەی ، لەو باوەڕەش‌دابوو کەوا هەر دەیدۆزنەوەو دەگیرێ ، پەنجا کەسی بەزۆر نارد بۆ ئەوەی نێو باخەکە بپشکنن‌و ، دوو سەدی تریشی ناردە نێو دارستانەکە تا هەموو ئەو کەندو هەردو گەڵی‌و کۆڵیتانەی ئەو ناوە بگەڕێن بە شوێن کچە کەساسەکە .

لەدوای ئەم بگرەو بەردەیەدا ، مێزەکە پاك کرایەوە ، هەموو ئەو کەل‌و پەلەی لەسەریابوو هەڵگیرا ، دوای ئەوە لاشەی ئەفسەرە کوژراوەکەیان لەسەری درێژکردو ، بۆیان کرد بەتابووت ، لەولاشەوە هەر چوار ئەفسەرەکان مات‌و غەمگین لەلای پەنجەرەکەوە ڕاوەستاون‌و ، لە پشتەوەشیان هەموو سەربازە خزمەتکارەکان ڕاوەستان ، هەمووشیان چاویان بڕیبووە تاریکایی‌یەکەی دەرەوەی پەنجەرەکەو نێو بارانەکە ، وەك بڵێ‌ی بیانەوێ پەردە لادەن‌و شتێك لەنێو تاریکایی‌یەکەدا بەر چاو بکەن .

لە دووریشەوەو ، لەنێو ئەو تاریکستانەدا ناوە ناوە تەقەی تفەنگێك دەهات‌و بۆ ماوەی چوار سەعات ئەم تەقەو دەنگە بەردەوام بوو ، جارناجارێکیش گوێ‌یان لە چریکەو هاوارێك دەبوو کە لە دەرەوە دەهات ، یا هاوارێکی فریاکەوتن‌و قسەی بێ‌واتا دەبیسترا ، بەڵام لەبەر دەنگی باو باران وهەورە تریشقە کەس تێ‌ی نەدەگەیشت . .

بۆ بەیانی هەموویان گەڕانەوە دواوەو ، دووسەربازی تریشیان لێ کوژرابوون‌و ، سیانی تریشیان بریندار کرابوون . هەر بەفیشەکی هاوڕێکانی خۆیان . چونکە لەبەر تاریکی یەکتری‌یان نەناسیبوو زیاتر سەری لێ شێوان‌بوون . ئەمە جگە لەوەی کە هەموو ماندوو بوونیشیان بە فیرو ڕۆیی‌و ڕشێیشیان نەدۆزی‌یەوە ، دوای ئەو ڕووداوە . خەڵکەکە ئازار دران‌و . ماڵ‌و کەل‌و پەلیان سەروو بن‌کراو هەموو دەوروبەری دێیەکە بست بەبست پشکێنرا ، کەچی کەنیشکەکە هیچ شوێن‌و ئەسەرێکی لەپاش خۆیدا بەجێ نەهێشتبوو .

کە ئەم کارو ڕووداوە لە ژەنەراڵ گەیەنرا . فەرمانی‌دا کە شتەکە بشارنەوەو باسی نەکەن‌و پشت‌گوێ‌ی بخەن . تاوەکو نەبێتە نموونەیەکی ناشیرین‌و خراپ بۆ سوپاکەیان . لە هەمان

کاتیشدا بەتوندی لۆمەی فەرماندەکەی کرد ، ئەویش لە ڕقان هەموو ئەوانەی لە خۆی بەرەو خوارتری سزادان ، کە لە دوورو نزیکەوە پەیوەندی‌یان بە ڕووداوەکە هەبوو ، چونکە ژەنەڕاڵ بە لۆمەکردنەوە پی‌ی گوتبوو :

– «کاکە ، شەڕو سەرکەوتن بە ڕابواردنی خۆش‌و خەوتن لە نێو کۆشی گەرم‌و ، ئامێزی ئافرەتە داوێن پیسەکان‌دا وەدەست ناهێنری» .

لەسەر ئەم قسەیە خەریك‌بوو جامی تورەیی خۆی بەسەر هەموو هەرێمەکەدا دابرژێنێ بۆ تۆڵە سەندنەوەی خۆی ، بەڵام چونکە پێویستی‌ی بە بەڵگەیەك هەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ، ناردی بەشوێن قەشەکەو ، فرمانی پی‌دا کەدەبێ لەکاتی گواستنەوەی تەرمی مارکیز ڤۆن ئیریك‌و تێپەڕبوونی بەو شوێن‌و ڕێگەیەدا ، زەنگی کڵێسەکە لێ بدا .

بەڵام ئەمجارەیان بە پێچەوانەی بیرو باوەڕی خەڵکی دێیەکە ، قەشە فرمانەکەی پەسندکرد ، ئیتر کە تەرمی مادموازێل فیفی بەسەرشانی سەربازەکانەوە بووو ، کۆشکی یوڤیلی بەجێ هێشت‌و بەوی‌دا ڕەت‌بوو – واتە بەنزیك کڵێسەکەدا – بۆنێو گۆرستانی دێیەکە ، هەر لەوکاتەوە زەنگی کڵێسەکە لێ‌دراو دەنگی لێوە هات‌و ، لەسەر ئاوازێکی تایبەتی کە بۆ ئەو جۆرە بۆنانە لێ‌دەدرا ، بەردەوام‌بوو ، هەروەك بڵێی دەستێکی نەرمۆڵە زەنگەکە لێ دەدات ، بەڵێ دەنگی زەنگەکە دووبارە دەنگی‌دایەوە ، ئیتر ئەو ڕۆژەو ، پاشترو ، ڕۆژانی تریش هەر نەبڕایەوە . . . !

بەڵێ ، هێندە لێ‌دەدرا تاکو بڵێی بەس ! تەنانەت هەندێ‌جار ، لەسەعاتەکانی دوای نیوە شەویش یەك دوو زنگەی نەرمۆڵەی لێوە دەهات‌و دەنگی دەدایەوە ،لە تاریکایی شەوی دەیجوور دانیشتوانی ناوچەکە گوێ‌یان بۆ شل دەکرد و بەدڵێکی خۆش‌و هەستێکی غەریب کەکەس نەی دەزانی لەبەرچی وابوو . هەندێ کەسیش وای بۆ دەچوون کە زەنگەکە سیحراوی‌یەو ، بەلای‌دا نەدەڕۆیشتن ، تەنها قەشەو مجێورەکە نەبێ کە هەردووکیان دەچوونە لای قوللەی زەنگەکە ، چونکە کچێکی هەژارو لێ‌قەوماو بەتەنهایی‌و ، بەدڵێکی پڕ لە مەترسی‌یەوە لەوی‌دا دەژیا ، ئیتر هەر جارەی چ خواردن‌و خواردنەوەیەك هەبوایە بۆیان دەبردو ، چەند قسەیەکیشیان لەگەڵ‌دا دەکردو دڵیان دەدایەوەو . لەحەشارگەکەدا ورەیان بەهێزتر دەکرد .

ئەم کیژۆڵەیە هەر لەوێ مایەوە تاوەکو ئەو تیپە داگیرکەرە ئەڵەمانیایی‌یە لەوێ ڕۆشتن‌و ئەو شوێنەیان بەجێ هێشت . لە دوایی‌دا قەشەکە گالیسکەکەی نانەوای دێ‌کەی بەکرێ گرت‌و ، بەشەو ڕێ‌ی گرتە بەرو ، کیژە بەندکراوەکەشی گەیاندە دەروازەی شاری «ڕوا» ، لەوێ دەستیان لەملی یەکتری کردو کیژە بەخێرایی گەڕایەوە ئەو دەزگایەی کە لێ‌ی دەرچووبووو ، چووبوە «یوڤیل» ، ئافرەتە سەرەك دەزگاکەیش وای زانیبوو مردووە .

دوای چەند ڕۆژێك بەسەر گەڕانەوەی ڕاشێل‌دا . ڕۆژێکیان هاووڵاتی‌یەکی ئەو شارە گەیشتە ئەو قەناعەتەو لەوە دڵنیابوو کەشەرەف‌و مەردایەتی‌و پیاوەتی بەخوازبێنی کردنی ئەم کچە کەم نابێتەوە ، ئیتر کیژەکەی خۆش‌ویست‌و چووە خوازبێنی بۆ ئەوەی داوای لێ‌بکات ڕازی بێ‌شووی پێ بکات ، چونکە بەلای ئەوەوە ئەو کارە گەورەو پیاوەتی‌یەی ئەو کچە لە پێناو وڵاتەکەیدا کردی ، مایەی شانازی‌و سەربەرزی‌یە ، بەم جۆرە کچەی کردە ئافرەتێکی پاك سەربەرزو چاك ، هەر وەك زوربەی خانمە چاکەکانی دیکە !

● **سەرچاوە** :

Guy De Maupassant.